

## تابلۆی کچی کافرۆش

# کچی کافرۆش کەسایەتییەک بۆ ناو بیرەوەرییمان

بەختیار سەعید

کچی کافرۆش یەکێکە لەو سیمبولانەی ناو بیرەوەریی زۆرینەمان. تابلۆ، چیرۆک و سەربردەی جیاجیای لە ماڵ، شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، هەبووە. هەمووومان لە ڕێی دڵ و چاومانەوە تێمان ڕوانیووە، بەبێ ئەوەی بزانین چیرۆکی ئەم کەسایەتییە، کێیە و چۆن هاتووەتە ناو ژیانمانەوە.

دیارە لەسەرەتای شەست و حەفتاکان، تەنانەت تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش پۆتستەری کچی کافرۆش، لەبەر چاوان بووە، بەو پێیەی، کە بەئەندازە و شێوەی جیاواز چاپ و بڵاوکرابووەوە. بەردەوامیش هەر یەکێکمان بە بیرماندا هاتووە، داخۆ ئەم کەسایەتییە ڕاستییە؟ یاخود تەنیا ئەندێشەی خولقێنەرەکەیەتی، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە زۆر لە نەتەوە و وڵاتانی دەوروپشتیش، بە شێوازی جیاواز ناویان لێناوە و وێنەکەی بە کەمێک گۆڕانکارییەوە، درووستکراوەتەوە، تاکو بیکەنە داستانێک بۆ ناو مێژووی خۆیان.

ئەگەر وەک سەرەتا باس لەناوەندێکی نزیک لە خۆمان بکەین، کە ئەویش عێراقە، بە کچی کافرۆشیان وتووە (بنت المعیدی)، بەڵام لە ناو میللەتی کورددا هەر کچێک، کە زۆر جوان بوایە، پێیان دەوت: تۆ

لە کچی کافرۆش دەچیت. واتە جوانیەکەی ئەم کچە، بووەتە داستان و پێناسە بۆ هەموو کچ و ژنان و ناساندنی جوانییەکانیان. بووەتە خاڵی بەراورد. دەکرێت هەمان ئەو پێناسەیە بێت، کە لە ئەورووپا بۆ کچێکی جوان، بە مۆنالیزا شوبهاندوویانە و بە وێنەکانی دیواری کۆشک، میوانخانە و تەنانەت ماڵەکانیشیان ڕازاندووەتەوە.

**چیرۆکەکە وا دەستپێدەکات:**

ئەفسەرێکی ئینگلیز، شێتانە عاشقی ئەم کچە دەبێت، بەڵام بەهۆی دابونەریتەوە، کچەکەیان نەداوەتێ، تاکو بیخوازێت. هەر بۆیە هەموو توانا هونەرییەکانی خۆی نیشانداوە، تاکو نیشان بدات، کە خۆشەویستییەکەی هێندە جوانە و بە ئەندازەی ئەو وێنەیەی، کە بۆی کێشاوە. بەڵام دابونەریت هۆکار بووە بۆ نەهاتنەدی ئەم خەونەی.
چیرۆکێکی تر هەیە، کە هەردوو عاشقەکە بەیەک گەیشتوون و کچەکەی بردووەتەوە بۆ لەندەن و لەوێ داوای لەیەکێک لە نیگارکێشە ئینگلیزەکان کردووە، وێنەیەکی بکێشێت.
لەهەمانکاتدا چیرۆکێکی تر هەیە، کە دەڵێت: کچی کافرۆش، (فاتمە سمانجی)یە و خەڵکی شاری کەرکوکە. ئەم چیرۆکەیان کەمتر بڵاوە. بەڵام لیلی، کە لەلای عەرەبەکانی عێراق ناوی لێنراوە و لە سەرەتای ساڵی ١٩١٤ کە ئینگلیز لە ڕێگەی شاری بەسرەوە هاتنە ناو عێراقەوە، ئەم چیرۆکە لەو دەمەوە لەنێو زۆنگاوەکانی خوارووی عێراقەوە سەری هەڵداوە، ئەوان، وەک نموونەی جوانی کچانی لادێ ناوی دێنن. بەڵام لە کوردستان تەنیا کچی کافرۆش، بەشێک نەبووە لەبیرەوەریی ناو ئەندامانی ئەو خێزانانەی، کە لە ماڵەکانیاندا وێنەی کچی کافرۆشیان هەبووە، بەڵکو ناوی کچی کافرۆش بۆ هونەرمەندانی بواری گۆرانی و میوزیکیش جێگەی گرینگی و پڕ بایەخی خۆی بووە، بۆ نموونە هونەرمەندی گەورەی کورد (حەسەن زیرەک) لەساڵی ١٩٥٠دا گۆرانیی بۆ کچی کافرۆش چڕیووە. هەروەها هونەرمەند محەمەد ئەحمەد ئەربیلی لەساڵی ١٩٧٠دا، دوو گۆرانیی بۆ چڕیووە، کە تێیدا باسی ئاستبەرزی جوانیی کچی کافرۆش دەکات.

چیرۆکێکــی تریش دەڵێت: کچی کافرۆش بەتەنیا بۆ کورد نەبووەتە جێــی ئیلهام بەخشــی، بەڵکو ئینگلیزەکانیش بەهەمان شــێوە ئەو شــەیداییەیان هەبووە بۆ وێنەکە. پێش ئــەوەی بەدیل بیبەن لەناو فرۆکەیەکدا چیرۆکەکە دەڵێت: کچی کافرۆش ڕازی نەبووە، کە دیلی ئــەوان بێت، بەڵکو لە فرۆکەکەوە خۆی فرێداوەتە خوارەوە و گیانی لەدەست داوە. لەگەڵ ئەوەی ڕاست و درووستی چیرۆکەکە نەزانراوە، بــەڵام بووەتە ئیلهامی زۆر شــاعیر، هونەرمەنــد و چیرۆکنووس، تا ئــەم چیرۆکــە بکەنــە بابەتــی بەرهەمەکانیان. هەر بۆیــە ئەڵمان و ئینگلیزەکان بەشێوەی جیاواز، نیگاری کچی کافرۆشیان کردووە، لە گەلەری و مۆزەخانەکانی ئەورووپادا دانراون.

تورکیا، یەکێکی ترە لەو وڵاتانەی، کە هاوشێوەیەکی بۆ کچی کافرۆش درووســت کــردووە و نــاوی (کچی حەدبا) و لە وڵاتــە عەرەبییەکان (فاتمــە) و لەبەغــداد (بنت المعیــدی) و لە کوردســتانیش (کچی کافرۆش)، بەڵام ئەوەی، کە گرینگە ئەم کەسایەتییە، بووەتە بەشێک لە شارستانییەت و پارچەیەکی گرانبەهای هونەریی بۆ چەند نەتەوە و میللەتێک.

ئەوە شاکاری ڕاستەقینەیە؛ وێنەیەک، لەیەککاتدا نیشانەی خۆشی و غەمباریت پێدەڵێت و ئەو ناوبانگە بەدەست دێنێت.